# ئایا دادگایی کردنی (سەدام حسێن) سیناریۆیەکی سیاسیە؟

م. سەیران تەها ئەحمەد
کۆلێژی یاسا
زانکۆی سلێمانی

لە 2003/12/14 دا (سەدام حسێن) لەلایەن (فرقە مشاە) ی چوارەی ئەمەریکیەوە دەستگیرکرا، لە 2003/11/10 (مجلس حکم) کاتی بڕیارێکیان دەرکرد سەبارەت بەدامەزراندنی دادگایەك کە بتوانێت دادگایی تاوانبارانی کۆمەڵ کوژانی عێراق بکات، بەڵام (مجلس حکم) ئەو کاتە لەژێر دەسەڵات و ڕێنمایی (CPA) دا بوون و کە هەموو دەسەڵات و بڕیارەکان بۆ پۆل بریمەرو راوێژکارەکانی دەگەڕایەوە.

هەرچەندە ئەو کاتەش لەڕووی یاساییەوە زۆر قسە لەسەر (مشروعیە و شرعیە) تی (مجلس حکم) دەکرا کە ئایا ئەم جۆرە دەسەڵاتەیان هەیە یان نا؟ چونکە ئەمەریکا کە ڕابەرایەتی هێزە هاوپەیمانەکانی دەکرد، خۆی بەهێزی داگیرکەر ناساند، ئەوەش بەپێی بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایش (1348) بوو. کەواتە ئالێرەدا، تەنانەت بۆ هێزە هاوپەیمانەکانیش نییە ئەو جۆرە بڕیارە بدەن ئەگەر ڕەزامەندی ئەنجوومەنی ئاسایشی بەدەست نەهێنن.

ڕاستیەکی حاشا هەڵنەگر هەیە، کە دەوڵەتە سەرکەوتووەکان لەشەڕدا هەمیشە مەرجەکانی خۆیان دەسەپێنن، هەروەها چۆن لەدوای شەڕە جیهانیەکانیشدا ڕوویدا، کە لایەنی براوە دادگاکانیان دادەمەزراندو دادگایی سەرۆك و تاوانبارانی جەنگیان دەکرد، بەدڵنیاییەوە کاریگەری بەرژەوەندییەکانیشیان بەچۆنیەتی دامەزراندن و ڕێڕەوی دادگایی کردنەکەوە دیاربوو...

لێرەدا بۆچوونێك بەدیار دەکەوێت، کە پرسار لەچۆنیەتی داڕشتنەوەی سیاسەتی ئەمەریکا بکەین، بۆچی مەبەستیانە تاوانبارانی عێراق لە (دادگای تاوانی نیشتمانیدا) دادگایی بکرێن؟

ئایا بەرژەوەندییەکان لەگەڵ ئەوەدا نەبوو کە (سەدام حسێن) و تاونبارەکانی تری هاوشێوەی بدرێنە (دادگای نێو دەوڵەتی) هەروەك چۆن دادگای تاوانی تایبەتی لەیوگسلافیا و ڕواندا دامەزرێنراو بەنیازن بۆ تاوانبارانی جەنگ لەدارفور ئەنجامی بدەن، یان چۆن لێکۆڵینەوەی نێو دەوڵەتی بەسەرۆکایەتی (دیتلیف میلیس) لەسەر کوشتنی (ڕەفیق حەریری) کراو، ئەنجامەکەی ڕاگەیەنرا کەواتە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی، کە چۆن ئارەزوومەند بوون لەدامەزاندنی (دادگای تاوانی نێو دەوڵەتی) لەیوگسلافیا و ڕواندا، بەڵام لەعێراقدا سەرەڕای ڕوونی و ئاشکرایی بەڵگەکان لەهەموو کاتەکاندا پێش ڕووخانی ڕژێمەکەی و دوای ڕوخاندنیشی بۆ دادگایی کردنی (سەدام حسێن) بەڵام بەو شێوەیە نەبوو، هەروەها ناکۆکی و بەرژەوەندییە باڵاکانی (پێنج وڵاتە هەمیشەییەکەی (مجلس الامن) یەکێك بێت لەو هۆکارە سەرەکیانەی کە ئەم تاوانبارانە لەدادگایەکی نێو دەوڵەتیدا دادگایی نەکرێن؟

بەڵام پێش ئەوەی بێینە سەر دیاری کردنی هۆکارەکان، پێویستە کۆمەڵێك لەتاوانەکانی (سەدام حسێن) بخەینە ڕوو؟ لەوانە:

1. لەناوبردنی بەکۆمەڵی کوردەکان و پاکتاو کردنی ڕەگەزیی، بەتایبەتی پەلاماری هێرشەکانی ئەنفال کە لەساڵانی 1987-1988 بەهەشت قۆناغ پراکتیزە کرا، کە بووە هۆی لەناوبردنی 182 هەزار کەس و سوتانی (4500-5000) گوندو لەناوبردنی کێڵگەو باخ و ڕەزەکانیان و کۆچ پێ کردنی زۆرەملێ و هەڵکەندنیان لەشوێنەکانیان، ئەمە جگە لەئەنفال کردنی (8) هەزار بارزانی 1982 دا.

2. کیمیا باران کردنی هەڵەبجەو لەناوچونی (5000) هەزار کەس و بریندار بوونی ژمارەیەکی هاوشێوەو پیس بوونی ژینگەکەی، و جگە لەمەش بەکارهێنانی بەرفراوانی چەکی کیمیایی لەزۆربەی ناوچەکانی تری قەرەداغ و سێوسێنان... هتد.

ئەمە سەرەڕای ئەوەی لەسەرەتای جەنگی (عێراق –ئێران) دا بەشێوەیەکی بەرفراوان لەگۆڕەپانی شەڕەکاندا 1983 لە (هورحویزە) لە (حاجی عمران) و (جزر مجنون) بەفراوانی بەکارهێنا.

3. چەوساندنەوەی سیاسی و سەرکوت کردنی هەردوو ڕاپەڕینەکانی باشووری عێراق و کوردستان لە 1991 کە لەئەنجامدا کۆڕەوی بەکۆمەڵی لێ کەوتەوەو کەسنووری وڵاتەکانی (ئێران تورکیا) یان بەزاند.

4. لەناوبردنی عەرەبەکانی (الاهوار) و تێکدانی ڕێك و پێك بەنەخشە داڕێژاوی ئەو ناوچانەو وشك کردنەوەیان، نەهێشتنی سەرچاوەی بژێوییان.

5.بوونی گۆڕە بەکۆمەڵەکان لەناوچە بیابانیو سەرسنوورەکاندا کە دەرکەوتووە زیاتر لە (270) گۆڕی بەکۆمەڵ لەعێراقدا بوونی هەیە.

6.کوشتنی سیاسی نەیارەکانی، سەرکردە سیاسیو ئاینییەکانو کوشتنی دیلو گیراوەکان بەبێ هیچ جۆرە دادگایەك بەکارهێنانی دڕندەترین شێوازی ئەشکەنجەدان لەزیندانەکاندا.

7.کوشتنی ژنو منداڵ، و جیاکردنەوەیان لەپیاوەکانیان هەروەك لە (ئەنفالەکاندا)، فرۆشتنی ژنانو کچان بەوڵاتانی هاوسێی عێراق دەست درێژی سێکسی بۆسەر ژنان، کە زۆربەی جاریش لەبەرچاوی باوكو براو مێردەکانیان جێبەجێ دەکرا.

8.دەست بەسەراگرتنی سەروەتو سامانی ڕاگوێزراو دەرکراوەکان هەروەك چۆن لەکاتی دەرکردنی کوردە فەیلییەکاندا ئەنجامیاندا.

9.داگیرکردنی (کویت) کە گەورەترین پێشێلکاری یاسای نێو دەوڵەتی بوو لەئابی 1990، و تاڵان کردنی ئەو وڵاتە، لەسێدارەدانو بەکارهێنانی ئەشکەنجەدانی خەڵکەکەیو دەست درێژی کردنی سێکسی بۆسەر ژنانو سووتاندنی بیرە نەوتەکان کە زیاتر لە (700) بیری نەوت بوون، ئەمە جگە لەکردنەوەی بۆرییە نەوتیەکان بۆ (ئاوی خلیج) کە بووە هۆی پیس بوونیو دروستکردنی کارەساتی ژینگەییو لەناوبردنی گیانلەبەرە دەریاییەکان.

10.جەنگی ئێران- عێراق بۆ ماوەی هەشت ساڵ، بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لەزۆربەی بەرەکانی شەڕدا، تەنها بەکارهێنانی لەو شوێنانەی دووریش بوون لەبەرەکانی شەڕ، بەکارهێنانی لەگوندەکانیو شارەکانی کوردستانی ئێراندا، لەوانەش سەردەشتو گوندی (زەردە) ی سەر بەکرماشان... هتد.

11.تاوانی کاولکردنی ژینگەیی جا لەکوردستان یان لەباشووری عێراقدا بێت بڵاوبوونەوەی دەیان جۆر لەنەخۆشیەکانی شێرپەنجەو بوونی کۆرپەلەی ناکامو لەباربردنی بەرفراوانی ژنان... بەهۆیەکانی نەخۆشی نادیارەوە... هتد.

12. تاوانبارکردنی (سەدام حسێن) بەفەرمان دەرکردن بۆ کوشتنی 143 هاوڵاتی شیعی لەشارۆچکەی (دوجەیل) پاش ئەوەی هێرش دەکرێتە سەر کەژاوەی سەیارەکانی لەساڵی 1982 دا.

13.بەفیڕۆدانی سەروەتو سامانی عێراقو تەرخانکردنی بۆ بەرنامەی چەکە کۆکوژو خەرجکردنی پارەی عێراق بۆ بەرتیلو کڕینی کەسایەتیە عەەبیو غەیری عەرەبیو بردنەدەرەوەی سامانی عێراق کەموڵکی خێزانەکەی بێتو هێشتا زۆربەیان لەبانكو کۆمپانیا بازرگانیەکان لەوڵاتانی ڕۆژئاوا ئاشکرا نەکراون.

تاوانەکانی (سەدام حسێن) و ڕژێمەکەی زۆر فراوانو هەمە لایەنەیە تاوانەکانی تاوانی ئاسای نین، بەڵکو تاوانەکانی تاوانی نێودەوڵەتین دەچێتە ژێر ناوی (تاوانەکانی شەڕو تاوانەکانی دژی مرۆڤایەتیو تاوانەکانی دژی ئاشتی) کە هەریەکە لەمانە پێناسەی تایبەتی خۆی هەیەو کۆمەڵێك تاوانی تری لاوەکی لەژێردا کۆدەبێتەوە، چونکە ئەم تاوانانە مۆرکێکی نێودەوڵەتیو چەمکی تاوانی( تاوانی دژ بەمرڤایەتییە) کە لەهەموو سنوورە نێودەوڵەتیو ئاسمانیەکانی بەزاندووە، پێشێلکاری هەموو ڕێکەوتننامەو بەڵێننامەی نەتەوە یەکگرتووەکانە...

لەبەرئەوە گەورەترین تاوانی (سەدەی بیستو یەك) ە کە تاوانبارێکی دژ بەمرۆڤایەتی لەدادگایەکی ناوخۆیی یان نیشتمانیدا دادگایی بکرێت، لەمێژووی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا شتی وا ڕووی نەداوە، بەخۆیە نەبینییووە؟ ئێستا بۆ؟

ڕاستە دادگایی کردنی( سەدام حسێن) و تاوانبارانی تری ڕژێمەکەی، زۆر گرنگە بەپلەی یەکەم بۆ گەلانی عێراق بەگشتی، وە کورد بەتایبەتی، بەڵام لەلایەکی ترەوە ئەم جۆرە دادگایی کردنە بۆ ڕۆژئاوا و وڵاتانی ئەوروپاو بەتایبەتای ئەمەریکاو ئەو وڵاتانەی کە کۆمپانیاو بەرژەوەندییە ئابوریو بازرگانەکانیان لەگەڵ عێراقدا بوونو هاوکاری بوون گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، ئەمە جگە لەوڵاتانی زەرەرمەندی ناوچەکەش وەك کوەیتو ئێران، هەروەها لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بەتایبەتی نەتەوەیەکگرتووەکان کە ناشرینترین مەلەفی گەندەڵی هەیە لەگەڵ عێراقدا، لەلایەکی ترەوە ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکانی تایبەت بەمافەکانی مرۆڤ... هتد.

ئەمانە هەموو بەلایانەوە گرنگە ئەم دادگایی کردنە، بەڵام هەریەکە لەمانە ئامانجو بۆچوونو مەرامی لەم دادگایی کردنە جیاوازە...؟

هەمووومان دەزانین کە لەتاوانەکانی (سەدام حسێن) دا، تەنها یەك لایەن بەرپرسیارنییە، بەڵکوهەر لەلایەنی ناوخۆییو ناوچەییو دەرەکی، لەسەر ئاستی عەرەبیو ئەوروپیو نێودەوڵەتی، بەتایبەتی کۆمپانیا گەورەکانی جیهانیش تێوە گلاون، بەڵام هەر

تاوانبارێك لەسەر ئاستو پلەو چۆنیەتی كۆمەك كردنو یان بەشداری كردنیان، یان جۆری بەرژەوەندیو سوودمەند بوونیان جیاوازی هەیە.

كەواتە لێرەدا پرسیارێك دروستە بووترێت، ئایا ئەو تاوانانەی ئاماژەمان پێ كردوون دەتوانرێت لەبەردەم دادگایەكی عێراقیدا مافی خۆی بدرێتێ؟

ئایا دادوەرەكانی عێراق (ئەوانەی هەڵبژێراون)، لەگەڵ گەورەترین ڕێزماندا بۆیان بەتایبەتی بۆ ئەو ئازایەتیەی كە خۆیان هەڵبژاردبێت بۆ ئەم دادگایی كردنە، چونكە زۆر كەس ئامادە نەبوون، ژیانی خۆیان بخەنە مەترسیەوە، خۆیان هەڵبژێرن، بەڵام بەهیچ جۆرێك بوونی خولی (6 مانگ یان ساڵێك) لەدەرەوەی عێراق ئەم دادوەرە بەڕێزانە ناگەیەنێتە ئاستی دادوەرە نێو دەوڵەتیەكان؟ كە خاوەنی گەورەترین ئەزموونو شارەزایین لە (فقه قانون دولی) دا... ئەم ترسە ئەوەتا (كنیس ڕۆس) بەڕێوەبەری جێبەجێ كردن لەڕێكخراوی نێودەوڵەتی چاودێری مافەكانی مرۆڤ دەریدەبڕێت، كە عێراق هیچ پشتێنەیەكی نییە لەدادگا نێودەوڵەتیەكاندا بەتایبەتی لەو كێشانەی پەیوەندی بەجینۆسایدو تاوانەكانی شەڕەوە هەیە، كە دەبێت پشت بەشارەزایانی نێو دەوڵەتی ببەسترێت وەیەكێك لەخاڵە گرنگەكان ئاماژەی پێ دەكات كە دەڵێت: یاسای دادگاكە (واتە عێراق) باس لەوە ناكات كە دادوەرو ئەوانەی لەوێ كار دەكەن خاوەن شارەزاییو ئەزموون بێت، و لەهەمان كاتدا ڕێگا بەدامەزراندنی دادوەری لێكۆڵینەوەی غەیری عێراق نادات؟

ئەمەی (كنیس ڕوس) باسی دەكات زۆر بەئاشكرا لەدامەزراندنی هەرسێ دادگاكەوە (دادگای لێكۆڵینەوە- دادگای تاوانی (جنائی)- هیئە تمیزی) دا بەدیار دەكەوێت، چونكە كەسانی وایان لە (كوردو عەرەب) داناوە، كە ڕۆژێك لەژیانیدا لەپشت كورسی دادوەرییەوە دانەنیشتووە، وە ئەوەی لەبەرچاو نەگیرابێت ئەزموونی دادوەرییە؟

هەر لەبەرئەوەشە، ئەوەتا لەیەكەم دانیشتنی دادگایی كردنی تاوانبار (سەدام حسێن) و حەوت كەس لەهاوكارانی، گەورەترین ڕەخنە لەسەر (ادعائ عام) هەبوو لەلایەن چاودێرانی نێو دەوڵەتیەوە؟

كەواتە جێگەی پرسیارە.

ئایا لەم جۆرە دادگایەدا دەتوانرێت مەسەلە هەستیارو ئاڵۆزەكان بووروژێنێت؟

*ئایا دەتوانێت لە (صفقات سریە) هەموو ئەو كۆمپانیا نێو دەوڵەتیانەی ڕۆژئاوا كە ڕۆڵی كاریگەریان هەبووە لەگەشە پێدانی بەرنامە كیمیاییو بایەلۆژیەكانی كە زیاتر لە (270) كۆمپانیان لە (21) دەوڵەتی جیهاندا هەر لە ئەمەریكاو بەریتانیاو ئەڵمانیاو فەرەنساو نەمساو سویسرا... هتد. تیایدا بەشدارن.

*ئایا ئەم دادگایە دەتوانێت خۆی بدات لە (تۆڕی جاڵجاڵۆكەیی) ئەو كۆمپانیایانەی كە عێراق)، بەشی تێدا هەیە كە لە (تشیلی (ئەمەریكای لاتین) تا دەگاتە فلۆریدای (ئەمەریكا) درێژ دەبێتەوە بۆ تۆرنتۆ لە (كەنەدا) تا دەگاتە سدنیو تۆكیۆ)؟

*ئایا ئەم دادگایە دەتوانێت باس لەمەسەلەی (عێراق غیت) بكات كە ئەم لە ساڵی 1991 دا گەورەترین (صفقە) ی ئابڕووبەرانە بوو ئاشكرا بوو؟

*ئایا ئەم دادگایە دەتوانێت لەوە بكۆڵێتەوە چۆن بەچ (اعان) ێك لە (خیمە سەفوان) دوای كۆتایی جەنگی كوەیت هەردوو ڕاپەڕینی باشوورو كوردستان سەركوت كران؟

*ئایا ئەم دادگایە دەتوانێت باس لەپیس بوونی ژینگەو داوای قەرەبووەكان بكات كە چۆن پێشكەوتووترین (چەكو دەبابەی و ئالیاتی) پێشكەوتوو بەكارهێنراو كە كارەساتی بڵاوبوونەوەی (یۆرانیۆمی پیتێنراوی) لێ كەوتەوە؟

*ئایا ئەم دادگایە دەتوانێت لەچۆنیەتی ئاسانكاری كۆمەڵگای نێو دەوڵەتی بكۆڵێتەوە كە چۆن چاویان لە (سەدام حسێن) دەپۆشی، كە (فیلق كیمیایی) دابمەزرێنێت ، وە برەو بەبەرنامەكانی بدات، ئەی (غنیمە الحرب) كە هەموو ئەو بەرنامانەی (ملیارات) دۆلاری عێراقی تێچووە، چی لێهات؟

*ئایا ئەم دادگایە دەتوانێت لەهەموو بەڵگە تاوانكاریەكانی عێراق كە زیاتر لە (252) بەڵگەنامەی نەتەوە یەكگرتووەكانو ڕاپۆرتەكانیان بكۆڵێتەوە، كە چۆن عێراق گازی (خردل، كبریت، فوسجین) بەكارهێناوە لەماوەی شەڕی (عێراق- ئێران) داو پشتگیری عەرەبی و ڕۆژاوایی لێ دەكرا؟

كەواتە ئەم دادگاو دادوەرانەی بۆ یەكەم جار بەرەو ڕووی قورسترین ئەزموونو ئاڵۆزترین دەبنەوە، بەدڵنییاوە، ئەمە بەبێ مەبەست نییە؟

حەقی خۆمانە گەورەترین ترس و دوو دڵیمان هەبێت لەم دادگا و دادگاییکردنە ، نەك خوانەخواستە لەبەرئەوەی (نامرۆیی دەبن بەرامبەری بە سەدام و هاوڕێکانی) بەڵکو گەورەترین ترس ئەوەیە وەك (کورد) پێشێلکاری مافی مێژووی میللەتێك دەبێت ، کە لەم جارەشدا دەست بەتاڵ و دۆڕاو دێتە دەرەوە ، لەبەرئەوە حەقمانە کە بپرسین و بڵێین:

*کە (تەوقیت) ی دادگایی کردنی( سەدام حسێن) تەنها (توقیت سیاسی) ە گرنگ ئەوەیە ڕووکاری دیموکراتی ئەمەریکا و سەرکەوتنی سیاسەتەکانی دەربکەوێت، چۆن وویستی هەڵبژاردن کرا، ریفراندۆمی بۆ کرا پاشان دادگایی کردنەکە.

* کەواتە ئەی بۆچی لەناو ئەو هەموو تاوانانەی بە مەسەلەی (دوجێل) دەستی پێکرد ئەی هەموو تاوانەکانی تر، گەورەترو کارەسات بارتر نین و هەموو بەبەڵگەوە نین ، پرسیارێکی سادە سەرهەڵدەدات ، ڕەنگە بیانەوێت لەیەکەم قۆناغدا (سزای لەسێدارەدان) بسەپێنن بەسەریدا ( هەرچەندە کە کەمترین شتە شایانی سەدام حسێن بێت)؟ بەڵام لەم قۆناغەدا گەورەترین هەڵەیە، چونکە بەلەناوبردنی دەتوانرێت ئەو نهێنیانەی کە دەبێتە هۆی (احراج) کردنی زۆر لایەن و کەسایەتی ناوخۆیی و ناوچەیی و نێو دەوڵەتی، ون بکرێن و بشارێتەوە.

*ئەی بۆچی ئەمەریکا لەکاتە ناسکەکان و لەقۆناغە هەستیارەکاندا هەمیشە کوردێك دەکات بەسەرۆك، لەو مەسەلانەی کە پەیوەندی بەخودی کورد خۆیەوە هەیە؟ کەچی پێ ببەخشێت یان چی لەدەست دەربهێنرێت؟یان پێی ئیمزا بکات؟

لەبەرئەوەی مەسەلەی ئەنفال و هەڵەبجەو مەلەفی بارزانیەکان و لەناوبردنی 182 هەزار کەس و سووتاندنی خاك و پیس بوونی ژینگەو ئاسەوارە ناوخۆیی و درێژخایەنەکانی و پاکتاوی رەگەزی... هتد. کە بەسەر کوردا هاتوون ئەمانە هەموویان تاوانی جەنگن و لەئاستی نێو دەوڵەتین ئەم تاوانانە وەك نەتەوەیەکی جیاواز، لەبەرئەوەی کورد بووین بەسەرماندا هاتووەلەبەر ناسنامەی کورد بوونمان بووە ، دەبوایە هەموو شەڕی کورد بۆ ئەوە بوایە کە (سەدام حسێن) لە دادگایەکی نێو دەوڵەتیدا دادگا بکرێت، نەك وەك مەسەلەیەکی ناوخۆیی و تاوانبارێکی ناوخۆیی لەدادگایەکی نیشتمانی دادگایی بکرێت، کورد هەڵەیەکی تری مێژوویی کرد، کە ڕازی بووە بەم جۆرە دادگایی کردنە بکرێت، کێشەی کورد ئەوە نییە (سەدام حسێن) لەسێدارە بدرێت یان نا ؟

وە یان وەك لەهەندێك لەدروشمدا ئاماژەی پێ دەکرێت (با لەهەڵەبجە) دادگایی بکرێت، خەڵك لەڕاستیەکان دوور بخرێتەوە...

(سەدام حسێن) ئەگەر لە( باشووری ئەفەریقا) دادگایی بکرایە گرنگ نەبوو ، بەڵکو گرنگ ئەوە بوو، مەسەلەکە (دادگایی کردنەکەی نێودەوڵەتی) بوایە ئەو کاتە ئەنفال و هەڵەبجەو بوونی کورد مۆرکێکی نێودەوڵەتیان وەردەگرت مەسەلەی میللەتەکەمان بەجۆرێکی تر دەبردە پێشەوە؟

بەڵام لەدادگایەکی ناوخۆدا، وەك هەر کێشەیەکی تر، ماوەیەك باس دەکرێت و لەبیر دەکرێت، مەلەفەکانی دادەخرێت.

کێشەی ئەنفال و ژن فرۆشتن... هتد. زۆر لایەنی شاراوەی تێدایە، ڕەنگە ئێستا لەم قۆناغەدا ئاشکرا نەکرابن، لەداهاتوودا چۆن بتوانرێت جارێکی تر ئەم مەسەلانە بووروژێنرێت لەبەردەم دادگا نێو دەوڵەتیەکان بۆمان نابێت؟

ئەوەی جێگای سەرسوڕمانە هەر لەکاتی ئەم دادگایی کردنە (جامعەی عەرەبی) دەیەوێت کۆنفرانسی ئاشت بوونەوەیی نیشتمانی ئەنجام بدات، بێگومان ئەمجارەش هەر کورد دەبێت وەك چۆن لەیەکخستنەوەی عێراق و دروست کردنەوەیدا، لێرەشدا ڕۆڵی بالایان دەبێت، دەبێت ئەمە یان چ جۆرە سیناریۆیەکی تر بێت، چ کاریگەریەك ماڵ وێرانیەك بۆ کورد لەدوای خۆی بەجێ بهێڵێت؟